# پێغەمبەر موسا

دەرچوون ١,٢

هەروەك دەزانین كە پێنج سیپارە هەیە لە تەورات، كە پێغەمبەری خودا موسا نووسیویەتی. لە وانەی ڕابردوودا سیپارەی پەیدابوونمان تەواو كرد، وە چووینە ناو سیپارەی دووەم كە پێی دەوترێ دەرچوون. نزامان وایە كە خودا بیر و دڵمان ڕووناك بكاتەوە بە هەموو ئەوەی دەیخوێنینەوە لەم پەرتوكە بنەماییە كە پڕە لە ڕێنمایی گرنگ.

تا ئێستا بینیمان چۆن سیپارەی دووەمی تەورات دەست پێ دەكات لەو شوێنەی سیپارەی یەكەم كۆتایی پێ دێت. بۆیە، بینیمان چۆن نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب، كە گەلی ئیسرائیلن، لە میسر نیشتەجێ بوون، دوور لە خاكی كەنعان كە خودا بەڵێنی دابوو بیان داتێ.

لە یەكەم بەشی سیپارەی دەرچوون دەخوێنینەوە: (دەرچوون ١) [1] ئەمانە ناوی كوڕەكانی ئیسرائیلن كە لەگەڵ یاقوب بۆ میسر چوون، هەریەک لەگەڵ خێزانەكەی: [2] ڕەئوبێن، شیمۆن، لێڤی و یەهودا، [3] یەسساكار، زەبولون و بنیامین، [4] دان و نەفتالی، گاد و ئەشیر. [5] هەموو وەچەكانی یاقوب حەفتا بوون، بێجگە لە یوسف كە لە میسر بوو. [6] یوسف و هەموو براكانی و هەموو ئەو نەوەیە مردن،[7] بەڵام نەوەی ئیسرائیل بەردار بوون و زۆر زیاد بوون و زۆر و بەتواناتر بوون، خاكەكە پڕ بوو لەوان.
[8] ئینجا لە میسر پاشایەكی نوێ هاتە سەر تەخت و یوسفی نەدەناسی. [9] بە گەلەكەی وت: (ئەوەتا نەوەی ئیسرائیل گەلێكن لە ئێمە زۆرتر و بەتواناترن. [10] وەرن با دانا بین، نەوەک زۆرتریش ببن و كاتێک بكەوینە جەنگەوە، ئەوان بچنە پاڵ دوژمنەكانمان و دژمان بجەنگێن و لە خاكەكە دەربچن.) [11] ئیتر سەركاری بێگاریان لەسەر دانان، بۆ ئەوەی بە بارگرانییەكەیان زەلیلیان بكەن، جا شاری عەمباریان بۆ فیرعەون بنیاد نا، (پیتۆم) و ڕەعمسێس. [12] بەڵام هەرچەندە زەلیلیان دەكردن ئەوەندە گەشەیان دەكرد و بەربڵاو دەبوون، جا لەبەر ئەوە نەوەی ئیسرائیل ترسیان لێنیشت. [13] ئیتر میسرییەكان بە زەبرەوە كۆیلایەتییان بە نەوەی ئیسرائیل دەكرد. [14] ژیانیان تاڵ كردن بە خزمەتكارییەكی سەخت، بە قوڕكاری و خشت دروستكردن و هەموو كارێكی كێڵگە، هەموو كارێک كە پێیان دەكردن بە زەبرەوە بوو.

با هەنێك ڕاوەستین لێرە. زیاتر لە سێ سەد ساڵ تێپەڕی لە كاتی مردنی یوسفەوە. فیرعەونێكی تر خاكی میسری حوكم دەكرد، پاشایەك كە هەموو ئیشەكانی یوسفی لەبیر كردبوو كە بۆ خەڵكی میسری كردبوو. ئەم فیرعەونە ئیسرائیلی زۆر بە خراپی دەچەوساندەوە، بە كوێلە كردنیان. چەن ئیشی قورسی پێیان دەكرد! ڕەنگە

گەلی ئیسرائیل وایان زانی بێ كە خودا بەڵێنی خۆی لەیاد كردبێ كە بۆ باپیرە گەورەیان ئیبراهیم دابوی كە بیانكاتە نەوتەوەیەكی بەهێز. بەڵام، خودا هیچی لە یاد نەكردبوو! لەڕاستیدا، خەریكی جێ بەجێ كردنی بەڵێنەكەی بوو كە زۆر لەوە پێش دابوی.

بەڕاستی، خودا دڵسۆزە! پەیمانەكانی خۆی دەپارێزێ! ئەو بەڵێنەی خودا بیدا، دەیكات، تەنانەت گەر بێتو مرۆڤ پێی وابێ خاوە! خودا ئەو كەسە بوو كە پلانی درووست كردنی نەوەیەكی نوێی هەبوو كەوا پێغەمبەران و ڕزگاری دەرەكەی لێوە دێت — و هیچ شتێكیش پلانی خودا تێك نادات!

لەبیرتە كاتێ خودا یەكەم جار پلانی خۆی ئاشكرا كرد بۆ درووست كردنی ئەو نەوە نوێە، بە دوو كەسی بەساڵاچوو دەستی پێ كرد، ئیبراهیم و سارە. كاتێ ئیبراهیم تەمەنی سەد ساڵ بوو، ئیسحاقی بوو، ئیسحاقیش یاقوبی بوو، یاقوبیش دوانزە كوڕی بوو كەوا خێڵەكانی ئیسرائیلیان پێك هێنا. كاتێ بۆ خاكی میسر باریان كرد، ژمارەیان حەفتا كەس بوو. بەڵام ئێستا، لەپاش نزیكەی سێ سەد ساڵ، زۆر زۆر زیادیان كرد، زیاتر لە ملیۆنێك! ئایا خودا بەڵێنەكانی خۆی دێنێتە دی؟ ئایا خودا نەوەیەكی نوێ و گەورەی لە ئیبراهیم نەهێنایە دی؟ بەڵێ، خودا دڵسۆزە، و ناتوانێ لە بەڵێنی خۆی پەشیمان بێتەوە. شایەنی شكۆمەندیە تاهەتا!

لە خوێندنمانەوەدا، دەبینین چۆن فیرعەون خێڵەکانی ئیسرائیلی دەچەوساندەوە، بەکردنیان بە کۆیلەی. بەڵام، هەروەها دەبینین کە هەموو جارێك کە فیرعەون هەوڵی دەدا دەسەڵات و هێزی خۆی بەکار بێنی لەسەر خێڵەکانی ئیسرائیل، خودا وای دەکرد کە گەشە بکەن و زیاد بکەن. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان ئەوە تۆمار دەکەن کە فیرعەون زۆر تورە بوو و ئەم فەرمانەی دایە گەلی ئیسرائیل: هەموو کوڕێک کە بۆ عیبرانییەکان لە دایک بێت فڕێی بدەنە ناو نیلەوە. (دەرچوون ١: ٢٢) ڕات چیە بەم شتە؟ کێ پێشەوایی فیرعەونی دەکرد لەم پلانە بەدکارەی؟ شەیتان، هەر ئەو بوو! بۆچی شەیتان دەیەوێ گەلی ئیسرائیل بچەوسێنێتەوە و وێرانیان بکات؟ لەبەر ئەوەی شەیتان دەیزانی کە خودا بەڵێنی ناردنی ڕزگاری دەرێکی داوە بۆ جیهان کەوا نەوەی ئادەم ڕزگار دەکات لە هێزی گوناه و ئاگری دۆزەخ. هەروەها شەیتان دەیزانی کە ئەم ڕزگاری دەرە هاتووە لە نەوەی گەلی ئیسرائیل دێتن! لەبەر ئەوە بوو شەیتان هانی فیرعەونی دەدا کە گەلی ئیسرائیل بچەوسێنێتەوە و تەنانەت هەوڵی ئەوە بدات کە بیانفەوتێنێ بە فڕێ دانی هەموو کوڕە تازە لەدایك بووەکانیان بۆ ناو ڕووباری نیلەوە.

بەڵام خودا، کە بە هێزترە لە شەیتان، پلانی دانا کە پیاوێك بەکار بێنێ لە خێڵەکانی ئیسرائیل بۆ ڕزگارکردنی خەڵکانێکی هەڵبژێردراو لە لایەنی خۆی لە دەستی فیرعەون. ناوی ئەم پاڵەوانە دەزانی؟ بەڵێ، پێغەمبەری ناوداری خودا موسا. بەڵام دایك و باوکی موسا، ئەمرام و یوکابەد هەروەها باڵەوان بوون، لەبەر ئەوەی لە فەرمانی پاشا نەترسان. (عیبرانیەکان ١١: ٢٣ و دەرچوون ٦: ٢٠). لە بەشی دووەمی سیپارەی دەرچوون، سەبارەت بە ساڵەکانی سەرەتای ژیان موسا دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٢)
[١] پیاوێک لە بنەماڵەی لێڤی کچێکی لێڤی هێنا. [٢] ژنەکە سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، کە بینی منداڵەکە جوانە، سێ مانگ شاردییەوە. [٣] بەڵام نەیتوانی لەوە زیاتر بیشارێتەوە، ئەو کاتە سەبەتەیەکی لە زەل دروستکراوی هێنا و بە قیر و زفت سواخی دا و کوڕەکەی لەناو دانا، ئینجا لە کەناری نیل لەناو قامیشەڵاندا داینا. [٤] خوشکی منداڵەکەش لە دوورەوە وەستا تا بزانێت چی لێدێت.
[٥] کچی فیرعەونیش بۆ خۆشتن هاتە خوارەوە بۆ سەر نیل و کەنیزەکانیشی لەسەر کەناری نیل هاتوچۆیان دەکرد، جا سەبەتەکەی لەناو قامیشەڵانەکە بینی و کچە خزمەتکارەکەی نارد تا بیهێنێت. [٦] ئەویش کردیەوە و تەماشای منداڵەکەی کرد و بینی کوڕێکە و دەگری، جا بەزەیی پێدا هاتەوە و وتی: (ئەمە یەکێکە لە منداڵی عیبرانییەکان.)
[٧] خوشکی منداڵەکەش بە کچی فیرعەونی وت: (بڕۆم ژنێکی شیردەرت بۆ بانگ بکەم لە عیبرانییەکان تا شیری منداڵەکەت بۆ بدات؟) [٨] کچی فیرعەونیش پێی وت: (بڕۆ.) کچە عازەبەکەش ڕۆیشت و دایکی منداڵەکەی بانگ کرد. [٩] کچی فیرعەونیش پێی وت: (ئەم منداڵە ببە و شیری بدە بۆم، منیش کرێیەکەت دەدەمێ.) ژنەکەش منداڵەکەی برد و شیری پێدا. [١٠] کاتێک منداڵەکە گەورە بوو، بۆ کچی فیرعەونی هێنایەوە، ئیتر بوو بە کوڕی ئەو و ناوی نا (موسا)، وتی: (چونکە لە ئاو هەڵم گرتۆتەوە.)

ئەمە چیرۆکی لەدایك بوونی موسایە. بیری لێ بکەوە! لە کاتێکدا منداڵە کوڕەکانی تر دەکوژران، موسای کورپە لەلایەن دایکیەوە شیری دەدرا پێی و لە لایەن فیرعەون، پاشای خراپەوە دەپارێزرا! خودا دەستی هەبوو لە هەموو ئەو شتانە کە لە ژیانی موسا ڕووی دا. خودا پلانی وابوو کە موسا بەکار بێنێ بۆ ڕزگار کردنی نەوەی ئیسرائیل لە کۆیلایەتی. ئای کە قووڵە دانایی خودا، زۆر زۆر بەسەر دانایی شەیتان و مرۆڤ دەکەوێ. دەزانی موسا لە کوێ گەورە بوو لەپاش ئەوەی لەشیر کرایەوە؟ لە ماڵی فیرعەون گەورە بوو کە خۆتان دەزانن گەلی ئیسرائیلی دەچەوساندەوە! لەگەڵ ئەوەشدا خودا نیازی وابوو موسا بەکار بێنی بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لە دەستی فیرعەون. خودا لە پلانەکەیدا، کچی فیرعەونی هەڵبژارد بۆ پاراستنی موسا لە دەستی پاشای خراپەکار. خودا دەیزانی کە ماڵی پاشا باشترین و سەلامەترین شوێنە بۆ موسا. خودا هەروەها دەیزانی کە موسا پێویستی بە فێربوون و تێگەیشتنی زۆر شت هەیە تاکو بە باشی ئامادە بێت پێشەوایی گەلی ئیسرائیل بکات. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: موساش لەناو هەموو دانایی میسرییەکان پەروەردە کرا، بە توانا لە قسە و کرداردا. (کردار ٧: ٢٢) بەڵام موسا هێشتا زۆر شتی مابوو فێر بێت.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٢) [١١] ئەوە بوو لەو ڕۆژانەدا، کاتێک موسا گەورە بوو، چووە دەرەوە بۆ لای براکانی و سەیری بارگرانییەکانی کرد و بینی پیاوێکی میسری لە پیاوێکی عیبرانی دەدات، کە لە براکانییەتی. [١٢] ئەویش تەماشای ئەم لا و ئەو

لای کرد و بینی کەسی لێ نییە، جا میسرییەکەی کوشت و لەناو لمدا شاردییەوە. [١٣] بۆ ڕۆژی دووەم چووە دەرەوە و بینی دوو پیاوی عیبرانی شەڕ دەکەن. جا بە خەتابارەکەی وت: (بۆ چی لە هاوڕێکەت دەدەیت؟) [١٤] ئەویش وتی: (کێ تۆی کردووە بە میر و دادوەر بەسەرمانەوە؟ ئایا بەتەمای کوشتنی منیشیت هەروەک میسرییەکەت کوشت؟)جا موسا ترسا و وتی: (بێ گومان ئەم کارە زانراوە!) [١٥] کاتێک فیرعەون گوێی لەمە بوو، هەوڵی دا موسا بکوژێت. موساش لە دەست فیرعەون ڕایکرد و لە خاکی میدیان جێگیر بوو و لای بیرێک دانیشت.

بۆیە، دەبینین چۆن موسا یەکەم جار هەوڵی دا گەلی ئیسرائیل بە هێزی خۆی ڕزگار بکات. بەڵام، خودا بەم شێوەیە نەیویست شتەکە بکرێ. خودا ویستی موسا وەك ئامێرێك بەکار بێنێت بۆ ڕزگار کردنی گەلی ئیسرائیل. ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل دەبوایە لەلایەن خوداوە بێت نەك موسا. موسا خودی خۆی، تەنها پیاوێك بوو و هیچ دەسەڵاتی ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیلی نەبوو لە دەستی فیرعەون ئەگەر خودا ئەو هێزەی نەدابوایە.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە بۆ ماوەی چل ساڵ موسا لە بیابان ژیا، لە خاکی مەدیەن. خودا زۆر وانەی گرنگی هەبوو لەو دەشت و کێوە گەرم و ووشکەدا فێری بکات. ئایەتێك هەیە لە ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دەستپاکە، ئەوەی لە کەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە. (لۆقا ١٦: ١٠) پێش ئەوەی خودا ئەرکی قورسی شوانی کردنی هەموو خەڵکی ئیسرائیل بداتە موسا، موسا یەکەم شت پێویستی بە پشان دانی دڵسۆزی بوو لە ئەرکی ئاسان دا. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە لە خاکێکدا، دوور لە میسر، موسا بوو بە شوان و ژنی هێنا و دوو منداڵی بوو. بۆ ماوەی چل ساڵ، موسا شوانێکی دڵسۆز بوو. لە بیاباندا — کاتێ موسا شوانی بۆ غەزوری دەکرد — خودا موسای ئامادە دەکرد بۆ ئەو ڕۆژەی کە شوانی گەلی ئیسرائیل بکات. خودا پلانی مەزنی هەبوو بۆ موسا و گەلەکەی، گەلی ئیسرائیل!

پاشان، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (دەرچوون ٢) [٢٣] ئەوە بوو لەو ماوە درێژەدا، پاشای میسر مرد. نەوەی ئیسرائیلیش ئاهیان هەڵکێشا لە دەست کۆیلایەتی و هاواریان کرد بۆ یارمەتی، گریانەکەیان بە هۆی کۆیلایەتییەوە بۆ خودا بەرز بووەوە. [٢٤] خوداش گوێی لە ناڵەیان بوو، خودا پەیمانی خۆی بەبیر هاتەوە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. [٢٥] جا خودا ڕووانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان.


گەلی ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی زۆر بە کۆیلەیی مانەوە. ئای چەند مەزن بوو چەوسانەوەیان! بەڵام خودا ئەوانی لەیاد نەکردبوو. خودا پلانی وابوو کە ڕزگاریان بکات لە کۆیلەیی. ڕەنگە بپرسین: بۆچی خودا پلانی وابوو گەلی ئیسرائیل لە دەستی فیرعەون ڕزگار بکات؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان باشترن لە خەڵکی تر؟ نەخێر! گەلی ئیسرائیل گوناهبار بوون، وەك خەڵکی میسر، وەك هەموو خەڵك. باشە، ئەی بۆ خودا پلانێکی تایبەتی وای هەبوو بۆ گەلی ئیسرائیل؟ تەنها لەبەر دڵسۆزی و بەزەیی خۆی. با دووبارە دوایەم ئایەت بخوێنینەوە. خوێندمانەوە: خوداش گوێی لە ناڵەیان بوو، خودا پەیمانی خۆی بەبیر هاتەوە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. جا خودا ڕووانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان. (دەرچوون ٢: ٢٤، ٢٥)

بەڵێ، خودا لە دڵسۆزی و بەزەیی خۆیدا، پەیمانی خۆی بەبیر هاتەوە کەوا لەگەڵ ئیبراهیم بەستا بووی کاتێ پێی فەرموو، جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن. دەبیتە بەرەکەت... هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن. (پەیدابوون ١٢: ٢، ٣) (وەچەکانت لە خاکێک نامۆ دەبن هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێنەوە. بەڵام ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان خزمەتیان دەکەن. دوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە.) (پەیدابوون ١٥: ١٣، ١٤)

لە وانەی داهاتوودا، پشت بە پەروەردگار، دەبینین چۆن خودا بەشێوەیەکی نائاسایی بۆ موسا بەدەر دەکەوێ و بانگی دەکات بۆ ئەوەی بچێت بۆ میسر و گەلی ئیسرائیل لە کۆیلەییان ڕزگاریان بکات، هەروەك زۆر لەوە پێش بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو.

خوداش بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنێ، لەگەڵ ئەم ووشانەی زەبوورەکان ماڵ ئاواییت لێ دەکەیت:

ستایشی خوداوەند بکەن و بە ناوی ئەوەوە نوێژ بکەن، کردەوەکانی بە گەلان بناسێنن... بۆ تاهەتایە خودا یادی پەیمانەکەی خۆی دەکات، ئەو وشەیەی فەرمانی پێدا بۆ هەزار پشتە ئەوەی لەگەڵ ئیبراهیم بەستی، ئەو سوێندەی بۆ ئیسحاقی خوارد.
(زەبوورەکان ١٠٥: ١، ٨، ٩)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا خودا بەڵێنەکانی خۆی دێنێتە دی؟

٢. ئایا خودا نەوەیەکی نوێ و گەورەی لە ئیبراهیم نەهێنایە دی؟

٣. ڕات چیە بەم شتە؟ کێ پێشەوایی فیرعەونی دەکرد لەم پلانە بەدکارەی؟

٤. بۆچی شەیتان دەیەوێ گەلی ئیسرائیل بچەوسێنێتەوە و وێرانیان بکات؟

٥. ناوی ئەم پاڵەوانە دەزانی کە خودا بلانیکی دانا بوو بۆ رزگاری کردنی خێلەکانی ئیسرایل لە دەستی فێرعەون؟

٦. دەزانی موسا لە کوێ گەورە بوو لەپاش ئەوەی لەشیر کرایەوە؟

٧. بۆچی خودا پلانی وابوو گەلی ئیسرائیل لە دەستی فیرعەون ڕزگار بکات؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان باشترن لە خەڵکی تر؟

یگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەلەی ڕێگای راستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org